# ئاوارەکانی کەرکووک، گرفتەکانی گەڕانەوە و چاوەڕوانییەکانیان

مراد حەکیم
مامۆستای یاریدەدەر- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

کێشەی پارێزگای کەرکوك زێتر لە سی ساڵە گەرم وگوڕترین کێشەی نێوان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و رژێمە فەرمانڕەوایەکانی عێراقە. تا بەعس لە دەسەڵاتدا بوو، بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی دا مۆرکی کوردبوون لەو پارێزگایە دامالێت، ئەمڕۆش کە بەعس نەماوەو هێزی دیکە فەرمانڕەوایی عێراق دەکەن، وێڕای ئەوەی بانگەشەی دانان بە مافەکانی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی عێراق، پابەندبوون بە مافی مرۆڤ، دیموکراسی... هتد دەکەن، ئامادەییەکی ئەوتۆیان پیشان نەداوە بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك کە شیاوی ئاماژە پێکردن بێت. دەستووری عێراق وا لە تەواو بووندایە،(*) پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پارێزگای کەرکوك هێشتا دەستی پێ نەکردووە. کەواتە بە لە ناوچوونی رژێمی بەعس کێشەی کەرکوك چارەسەر نەبوو. هەربۆیە ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە (کۆنفرانسی کەرکوك) بەم لێکۆڵینەوانەوە، یەکێکە لە پێویستییەکانی ئەم قۆناغە و ئەم کارە هاوکات لەگەڵ چالاکی وکاری دیکەی بە کۆمەڵ بۆ پارێزگای کەرکوك دەتوانن خزمەتێك بە کێشەی ئەو پارێزگایە بکەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمە، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، بەمەبەستی تیشك خستنە سەر گرفتەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك و چاوەڕوانییەکانی ئاوارەکان لە دەسەڵاتی سیاسی ئەنجام دەدرێت. هەوڵدەدرێت لە میانەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە خودی ئاوارەکان و دواتر راڤەکردنیان بە میتۆدێکی زانستی، تیشکیك بخاتە سەر ئەو لایەنانە.

لە کۆتاییشدا هیوادارین ئەم لێکۆڵینەوەیە بتوانێت کەلێنێکی بچووکی ئەم کۆنفرانسە پڕبکاتەوە.

## گرفتی لێکۆڵینەوە

ئاوارەکردنی دانیشتوانە کورد و تورکمانەکانی پارێزگای کەرکوك و نیشتەجێکردنی عەرەب لە ماوەی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسدا (١٩٦٨-٢٠٠٣) بەبەرنامەیەکی ستراتیژی، پێکهاتەی دیمۆگرافی ئەو شارەی بەتەواوی گۆڕی. دوای داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لە نیسانی ٢٠٠٣دا، کۆمەڵێك لەو ئاوارانە (بە تایبەتی ئاوارەی کورد) گەڕانەوە شوێنی نیشتەجێبوونیان چ لەناو شاری کەرکوك یان لە قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەو پارێزگایە، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك عەرەبی هاوردە سنووری پارێزگای کەرکوکیان بەجێهێشت و بەرەو ناوچەکانی دیکەی عێراق (ناوەڕاست و باشوور) بەڕێ کەوتن.

بەڵام کێشەی تەعریبی کەرکوك بە گەڕاندنەوەی هەندێك لە ئاوارە کورد و تورکمان بۆ شوێنی جارانیان و ژمارەیەك عەرەبی هاوردەش بۆ ناوچەکانیان کۆتایی نایەت، نەخاسمە لە ڕوانگەی کەرکوکییە ڕەسەنەکان بەتایبەتی و کوردەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی.

دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان پێیوایە دەبێت بارودۆخی کەرکوك ئاسایی بکرێتەوە. بڕگەیەکی سەرەکی ئاساییکردنەوەش بریتیە لە نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوك لەو پارێزگایە و گەڕاندنەوەی هەموو ئەو عەرەبانەی، بەعسیەکان بەمەبەستی بە عەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك، لەوێی نیشتەجێ کردن لە بەرامبەر هەندێك ئیمتیاز یاخود ڕەنگە هەندێك جار بە ناچارکردن بێت.

ئەگەرچی لە یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عیراقدا لە بڕگەی ژمارە ٥٨ (کە بەرهەمی دانوستانێکی زۆری ئەنجوومەنی حوکم بوو)دا هاتووە کە دەبێت ڕەوشی ئەو شارە سروشتی بکرێتەوە. زێتر لەوەش لە میانەی دانوستانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و لیستی ئیئتلافی شیعە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی فیدرالی عێراق بەسەرۆکایەتی ئەلجەعفەری ئەو بڕیارە دووپات کراوەتەوە و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام کۆمەڵێك ڕێگریش هەن لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا، لە نارەزایی هۆکاری دەرەکیەوە بگرە تاکو خۆپارێزی هێزە عێراقییە عەرەب و تورکمانەکان، سەرەڕای هۆکاری دیکەی وەکو نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی. وێڕای ئەو هۆکارانەش دیسان کێشەیەکی دیکە هەیە ئەویش چۆنیەتی گەڕاندنەوەی ئاوارەکانە.

لە ڕاستیدا کۆچێکی دیکەی کەرکوکییەکان و نیشتەجێکردنەوەیان لە شوێنی جارانیان کە ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوە و لەو ماوەیەدا هەم بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە ڕەنگە لەگەڵ شوێنی نیشتەجێی ئێستایان ڕاهاتبن و هەمیش ڕەنگە بەرژەوەندییەکانیان لە شوێنی ئێستایان بێت و ڕەوشی ئاسایش و ژیاری ( مەعیشەت) کەرکوکیش ڕەنگە بەشێوەی دڵخواز نەبێت، بۆیە تەنیا هاندانیان بۆ گەڕانەوە بە کۆمەڵێك دروشم بە ئەگەرێکی زۆرەوە، بەس نەبێت بۆ ئەوەی ئەوان بڕیاری گەڕانەوە بدەن.

لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بزانین ئایا ئەو ئاوارانە بڕیاری گەڕنەوەیان داوە و، ئەگەر بڕیاریان دابێت بگەڕێنەوە، لەم بارودۆخە ناسەقامگیرەدا کە بوونی ئەوان لەم پارێزگایە پێویستە دەگەڕێنەوە. بۆ گەڕانەوەش چ داواکاری و

چاوەڕوانییەکیان لە حکوومەتی فیدراڵی کوردستان هەیە لەلایەك و چەندەش هیوایان بە دەسەلاتی سیاسیی کوردستان هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، کە بێگومان کێشەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە هەوڵی هەمە لایەنە هەیە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە

هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەمەبەستێك یان زێتر ئەنجام دەدرێت، واتە لەمڕۆی جیهاندا لێکۆڵینەوە لە پێناو لێکۆڵینەوە پەسەند نییە، هەروەها ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستیش تەنیا بۆ بەدەستهێنانی هەندێك زانیاری کە لێکۆڵەر پێیخۆشە بیانزانێت کەمتر پشتیوانی لێدەکرێت. لەبەرامبەر ئەوەدا چونکە لێکۆڵینەوە ماندووبوونێکی زۆر و پارەیەکی زۆری تێدەچێت، لەبەرئەوەشە دامەزراوەکان زۆرتر بۆ ئامانجی دیکە، کە بە گرنگیان دەزانن ئەرکی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە ئەستۆ دەگرن.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش ((ئاوارەکانی کەرکوك، گرفتەکانی گەڕانەوەو چاوەڕوانییەکانیان))، ئەوەیە بزانین لەم بارودۆخە هەستیارەی کە نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق پێیدا تێپەڕدەبێت، چی بکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوك، کە هەڵبەت یەکێکە لە ئەرکە نەتەوەییەکان لە ئەستۆی ئەو ئاوارانە خۆیان لەلایەك و دەسەلاتی سیاسیی کوردیش لەلایەکی دیکەوە، چونکە هەروەك پێشتر گوتمان گەڕاندنەوە ئاسان نییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دەبینین ئەوانەی گەڕاونەتەوە هیچی وەهایان بۆ نەکراوە کە شیاوی باسکردن بێت،[1] و بە دیوێکی دیکەشدا مافی ئاوارەکانە، قەرەبوو بکرێنەوە لە بەرامبەر ئەو زەرەر و زیانەی پێیان کەوتووە لە کاتی ئاوارەکردنیاندا، هەروەها ئەو بەرژەوەندییانەشیان کە دوای گەڕانەوە لە شوێنی ئێستایان چاوپۆشیان لێ دەکەن. پێمانوایە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانێت تیشکێك بخاتە سەر پێداویستیەکانیان بۆ گەڕانەوە بە دیوێکی دیکەشدا چاوەڕوانییەکانیشیان لە حکومەتی فیدراڵی هەرێم ڕووندەکاتەوە، کە — زانینی گرفتەکان و لەبەرچاوگرتنی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی ئەوان هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان دەکات.

## گریمانەکانی لێکۆڵینەوە

گریمانە وشەیەکی لاتینییە، ماناکەی دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان دوو گۆڕاو یان دوو دیاردە، وەك پێشبینییەك. هەموو لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەلایەتی پێویستی بە گریمانەی زانستی هەیە، کە لەراستیدا دەتوانین بڵێین وەلامی ئەو پرسیارانەن کە لێکۆڵەر لە گرفتی لێکۆڵینەوەدا دەیانخاتە روو. گرنگترین گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- زۆربەی ئاوارەکانی کەرکوك بڕیاری گەڕانەوەیان داوە بۆ کەرکوك.
٢- گرفتەکانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی جارانیان فرەجۆرن.
٣- ئاوارەکانی کەرکوك داواکاری و چاوەڕوانیان لە دەسەلاتی نوێی عێراق هەیە.
٤- ئاوارەکانی کەرکوك لەو باوەڕەدان دەبێت عەرەبە هاوردەکان، پارێزگای کەرکوك جێ بهێڵن.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە

لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەویکردن لە میتۆد زۆر پێویستە. تەنیا لە ڕێگەی میتۆدی زانستیەوە دەتوانین بگەینە ئەنجامی دڵخواز. بەبێ پەیڕەوی لە میتۆدێک یان زێتر لە میتۆدێکی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی یەکێك لە مەرجە هەرە سەرەکییەکانی لەدەست دەدات.

لەم باسەدا پەیڕەوی لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی کراوە. ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، بە جۆرێکی گرنگی لێکۆڵینەوە لە قەڵەم دەدرێت. ڕووپێو گرفتێکی تەواو پێناسەکراو و ئامانجەلێکی دیاری هەیە.

هۆکارەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جیاواز و جۆراوجۆرن، بەڵام بە گشتی بە دوای سێ ئەنجامەوەیە: وەسف، ڕاڤەکردن، کەشف و ئاشکراکردن.

ئەم لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییە زێتر لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە ، چونکە زێتر هەوڵدەدات وەڵامی ((چی)) بداتەوە، نەك ((چوون))(٢). ئایا دەگەڕێنەوە، چی پێویستە بۆ گەڕانەوە، چی بکرێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە؟... هەموو ئەمانە وەسفی بارودۆخ و ڕەوشی ئاوارەکانی کەرکوك دەکەن. لەهەمان کاتیشدا دەکرێت بڵێین لێکۆڵینەوەیەکە لە جۆری ڕووپێوی کەشفییە، ئەم جۆرە ڕووپێوە هەوڵدەدات هۆی دابەشبوونی خەسڵەتە گشتییەکان و دیاردە و ڕاستییەکان لەناو کۆمەڵگادا ئاشکرا بکات(٣) .

هەروەها لەبەرئەوەی یەکەم باسە لەو جۆرە (بەپێی ئاگاداری ئێمە) هەوڵدەدات بزانێت ئایا ئاوارەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك، ئەگەر ناگەڕێنەوە لەبەر چییە و، ئایا بۆ گەڕانەوە هیچ مەرجیان هەیە؟... کە وەڵامدانەوەی هەموو ئەم پرسیارانە لە زاری ئاوارەکان خۆیانەوە گرنگی تایبەتی هەیە بۆ لایەنە پەیوەندداراکان کە دەیانەوێت بزانن ئایا چی بکرێت بۆ چارەسەری کێشەی ئاوارەکانی کەرکوك.

## کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە

لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا پێویست دەکات کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە دیاربکرێت، تاکو لەم کۆمەڵگایەوە نموونەیەك هەڵبژێردرێت. کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەی ئێمە ئاوارەکانی کەرکوکن ( پارێزگای کەرکوك) کە لە ئەنجامی تەعریبی ئەو پارێزگایە ئاوارەی شاری هەولێر، موعەسکەر سەلام، چەمچەماڵ، بنەسلاوە و دارەتوو... کراون. هەڵبژاردنی ئەو شارو شارۆچکانە هۆکاری خۆی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆرترین ڕێژەی ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوك لەو شار و شارۆچکانە نیشتەجێن.

## نموونەی لێکۆڵینەوە

یەکەم خەسڵەت کە دەبێت لە نموونەدا هەبێت ئەوەیە کە نموونەکە گوزارشت لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە بکات، بۆ ئەو مەبەستەش هەڵبژاردنی نموونەی هەڕەمەکی باشترین جۆری نموونەیە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە نموونەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هیچ یەکێك لە جۆرەکانی دیکە وەك ئەم جۆرە، ناتوانێت گوزارشت لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە بکات. ئەمەش لەبەر ئەوەی هەم ژمارەیان زۆرە، هەمیش زێتر پەرتوبلاون بەسەر کوڵان و گەڕەکەکانی ئەم شارو شارۆچکانە. لەبەر ئەوەش نە جۆری هەڕەمەکی

ڕێکخراو و، نەهەرەمەکی هێشوویی... وەك پێویست گونجاو نەبوون بۆ لێکۆڵینەوەکە.

ژمارەی نموونـەی وەرگـیراو لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا (٢٥٠) نموونەیە لە هەردوو ڕەگەزی نێـر و مـێ، کـە ئاوارەی پارێزگـای کـەرکوکن. لـەو بـاوەڕە دایـن کـە ژمارەی نموونەکـە ژمارەیـەکی گونجاوبێـت، هـەروەها ئەوەش دووپات دەکەینەوە کە ئەم نموونەیە بەپێی هیچ ڕێـسایەکی ئامـاری هەڵنەبـژێردراوە، چـونکە هـیچ ئامــارێکی وامــان دەســت نەکــەوت کــە ژمــارەی ئاوارەکانی پارێزگای کەرکوکمان بداتێ بـە تایبـەتی و ژمارەی خێزانە ئاوارەکانیش لە هەریەکێك لەو شـەش شار و شارۆچکانەی لەسەرەوە ناویان هات بەتایبەتی.

### ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری

ئامرازو شێوازی زۆر بۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری و داتا هەن. ئەم ئامراز و شێوازانە فرە جۆرن کە دەشێ داتاکـانی لێکۆڵینـەوە بـە شـێوەی چـەندێتی یـان چۆنیەتی وەسف بکەن. دەتوانین هەنـدێك گـۆڕاو بـە سـوود وەرگـرتن لـە پێـوەرە چـەندێتیەکان و بـە شێوەیەکی وردتر بپێـوین. ئـەو گۆڕاوانـەی کـە بـە چەندێتی ناپێورێن، واتە ناگۆڕێن بۆ ژمارە، دەتـوانین بەپێی لایەنە هاوبەشەکانیان پۆلێن بکەین[٤].

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا پـشت بـە ئـەنکێت (پرسیارنامە) بەسـتراوە بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری. پرسیارنامە یەکێکە لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا لە نموونەکە لـە ڕێگـەی پرسیـاری نووسـراو لەسـەر ئەنکێت کە لێکۆڵەر بەخۆی یان بەهۆی پۆسـت یـان هەر ڕێگەیەکی دیکە پێشکەشی دەکات[٥].

هۆی پشت بەستن بە ئەنکێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بـاوترین و کاریگـەرترین کەرەسـتەی کۆکردنـەوەی داتایە، بەتایبەتی لە لێکۆڵینـەوە ڕووپێویەکانـدا، کـە زانیاری و داتای ڕێکخراو و چەندێتی ئامـادە دەکـات، بەبێ ئامادەیی لێکۆڵەر کاری خۆی دەکات و بـوار بـۆ ڕاڤەی ئاماری ورد دەرەخسێنێت[٦].

پرسیارنامەکەمان لە ٢٨ پرسیار پێکدێت کـە ٩ پرسیار گشتین و ئەوانی دیکە تایبەتی. جگە لەوەش پرسیارەکان لە هەردوو جۆری کراوەو داخراون.

هـەروەها پـۆلێنکردنی داتاکـانیش سـوود لـە پرۆگرامـی کۆمپیوتـەری STATGRAPHICS PLUS وەرگـیراوە کـە پرۆگرامێکـی ئامارییـە و توانایـەکی زۆری هەیـە لـە خـستنەڕووی داتاکـان بەشێوەیەکی ورد.

### چەمکەکانی لێکۆڵینەوە

هەموو لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایـەتی پێویـستی بـە ڕوونکردنــەوەی چـەمکەکان هەیـە. چـونکە چەمکەکان زمانێکی هاوبەش لەنێو پسپۆڕاندا بەرهەم دەهێنن، کە بەمەش بواری تێگەیشتن و دانوستان زیاد دەبێت ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە، چەمك بـە تایبـەتیش لـە زانـستە مرۆڤایەتییەکانـدا زۆرجـار فرەمانان یاخو تەمومژاوی و لێڵن، ئەمەش وادەکـات ڕوونکردنەوەیان پێویست بێت.

چەمکەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەمانەن: ئاوارە، گرفتـەکانی گەڕانـەوە، چـاوەڕوانی، ڕاگواسـتن، تەعریب. کە زۆر بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

١- ئـاوارە، چـەمکی ئـاوارە لـەناو ئـەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا تاڕادەیەك نوێیە. چـەمکی ئـاوارە

جیاوازە لە چەمكی پەناهەندە، پەناهەندە چەمكێكی یاساییە، لە كاتێكدا ئاوارە چەمكێكی سیاسییە.

مەبەست لە ئاوارە لەم لێكۆڵینەوەیەدا هەموو ئەو تاكانەن كە لە ئەنجامی سیاسەتی رژێمی بەعس لە كەركوك راگوێزراون. زۆرینەی ئاوارەكانی كەركوك كوردن، بەلام تەنیا كورد ئاوارە نەكراون، بەڵكو توركمان و ئاشوریش بە رێژەیەكی كەمتر ئاوارە بوونە. هەروەها ئاوارەكان بە شێوازی جیاواز و لە قۆناغی جیاوازدا راگوێزراون.[*]

**٢- راگواستن،** مەبەست لە راگواستن: گواستنەوەی جوگرافی یان شوێن گۆڕینی بەزۆر دەگەیەنێ لە رێی بەكارهێنانی توقاندن و فشار خستنەسەر و هێز بەكارهێنانەوە، كە گۆڕینی شوێن گۆڕكێی هەمیشەیی لە جێی نیشتەجێبوون و ماڵی ئاسایی لە یەكەیەكی جوگرافی بۆ یەكەیەكی دیكە لەخۆ دەگرێت[٧].

بەلام راگواستن لەم لێكۆڵینەوەیەدا بریتییە لە راگواستن و كۆچپێكردنی دانیشتوانە كورد و توركمانەكانە لەلایەن رژێمی بەعسەوە لە پارێزگای كەركوك بە مەبەستی بە عەرەبكردنی ئەو پارێزگایە.

راگواستن دەكرێت ببێتە چەمكێكی ئەم لێكۆڵینەوەیە، چونكە ئاوارەبوون بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە كە ناوی راگواستنە و حزبی بەعس لە كوردستانی باشور پیادەی كرد.

**٣- تەعریب،** مەبەست لە چەمكی تەعریب: نیشتەجێكردنی تاك و گروپی عەرەبە لە هەرێمی كوردستانی عێراق و دروستكردنی نشینگە عەرەبیەكان، هەروەها بریتییە لە گوڕینی ناوی شار، گوند، گەڕەك، نووسینگە و دامەزراوە رەسمی و نارەسمییەكان بۆ عەرەبی، ئەویش بە مەبەستی گۆڕینی واقعی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندی عەرەب[٨].

بەلام لەم لێكۆڵینەوەیەدا مەبەست لە بە عەرەبكردن بریتییە لە راگواستنی دانیشتوانە ناعەرەبەكانی پارێزگای كەركوك (كە زۆرینەن) و نیشتەجێكردنی عەرەب لەو پارێزگایە (كە كەمینەن)، وێڕای گۆڕینی ناوەكان (شار، شاروچكە، گەڕەك، گوند، دامەزراوە رەسمی و نارەسمییەكان، تاكەكەس و گروپ ...) بۆ سەر زمانی عەرەبی، هەروەها گۆڕینی رەگەزنامە و پێناسەی ناعەرەبەكان و بەخشینی رەگەزنامەی عەرەب پێیان، بە مەبەستی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی ئەو شارە.

**٤- گرفتەكانی گەڕانەوە.** مەبەست لە گرفتەكانی گەڕانەوە هەموو ئەو كوسپ و تەگەرانەن (سیاسی، ئابووری، كۆمەلایەتی...) كە پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی جارانیان لە پارێزگای كەركوك دوادەخەن.

**٥- چاوەڕوانییەكان:** مەبەست لە چاوەڕوانییەكان ئەو هاوكاری و كارئاسانییەیە كە ئاوارەكان چاوەڕوانی دەكەن لە سەركردایەتیی سیاسیی عێراق بە گشتی و سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بە تایبەتی، لەوانەش: ئاساییكردنەوەی بارودۆخی پارێزگای كەركوك -گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەكان، نیشتەجێكردنەوەی ئاوارەكان، قەرەبووكردنەوەی دارایی، كارئاسانی بۆ دامەزراندن لە فەرمانگەو دامەزراوەكانی حكوومەت، بەخشینی زەوی... هتد.

## خستنەڕووی زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە:

### أ- زانیارییە گشتییەکان

**١- ڕەگەز**

خشتەی ژمارە (١) ڕەگەزی نموونەکە دەردەخات

| ڕەگەز | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٧٧ | ٨٠ |
| مێ | ٧٣ | ٢٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

بەپێی خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت کە ڕێژەی ڕەگەزی نێر لە نموونەکەماندا دەگاتە ٧٠,٨٠٪ بەرامبەر ٢٩,٢٠٪ ڕەگەزی مێ. پێمانوایە جیاوازی لە ڕەگەزدا (بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە) هیچ لە ئەنجامەکان ناگۆڕێت، چونکە زۆربەی پرسیارەکان پەیوەندیان بە خێزانەوە هەیە نەك تاکەکەس.

هەروەها بڕیارەکان ئەگەرچی بەزۆری لە خێزاندا بە کۆمەڵ وەردەگیرێن، بەڵام زێتر و زۆرتر پیاو ڕۆڵی هەیە لەو بڕیاردانەدا، بۆیە ڕەنگە هیچ لەوە نەگۆڕێت کە ڕێژەی پیاو زێتر بێت لە ئافرەت، بەڵکو تەنانەت ڕەنگە ئەوە باشتریش بێت لەبەر هۆکاری سەرەوە.

**٢- باری ئابوری**

خشتەی (٢) باری ئابوری نموونوکە ڕووندەکاتەوە

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٤٣ | ١٧,٢٠ |
| ناوەندی | ١٤٧ | ٥٨,٨٠ |
| خراپ | ٦٠ | ٢٤ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

لەخشتەی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی نموونەکەمان کە دەکاتە ٥٨,٨٠٪، باری ئابووریان ناوەندییە. ئەوانەش کە باری ئابوورییان خراپە ٢٤٪ نموونەکە پێکدەهێنن، پێمانوایە بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی زۆرە. ئەوانەش کە باری ئابوورییان باشە ڕێژەکەیان کەمترە لە دوو ڕێژەکەی دیکە کە دەکاتە ١٧,٢٠٪.

**٣- تەمەن:**

سەبارەت بە تەمەنی سەرپەرشتیاری خێزان کە بڕیارە سەرەکییەکان لە خێزانی کوردیدا زێتر لەلایەن ئەوەوە دەردەچن، دەرکەوت بچووکترین تەمەنی نموونەکەمان ١٨ ساڵەو گەورەترینیشیان ٧٧ ساڵە.

خشتەی ژمارە (٣) ڕوونبدەکاتەوە، بەرزترین ڕێژەی نموونەکەمان تەمەنیان لە نێوان ساڵەکانی ٤٨-٥٧ ساڵ دایە کە دەکاتە ٢٨,٢٠٪. دووەم ڕێژەی بەرز ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ٣٨-٤٧

ساڵدایە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد گەنج و دان عومر، بەتەمەن، واتە لە هەموو دەستەیەکی تەمەنی کە دەکرێ سەرپەرشتیاری خێزان بێت لە نموونەکەدا هەیە. ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی نموونە گوزارشت لە کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە بکات.

خشتەی (٣) تەمەنی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| تەمەنی سەرپەرشتیاری خێزان بە ساڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٨-٢٧ | ٢٤ | ٩,٦٠ |
| ٢٨-٣٧ | ٤٧ | ١٨,٨٠ |
| ٣٨-٤٧ | ٦٠ | ٢٤ |
| ٤٨-٥٧ | ٧١ | ٢٨,٤٠ |
| ٥٨-٦٧ | ٣٥ | ١٤ |
| ٦٨-٧٧ | ١٣ | ٥,٢٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

## ٤- ژمارەی ئەندامانی خێزان:

سەبارەت بە قەبارەی خێزانە ئاوارەکان هەروەك لە خشتەی ژمارە (٤)دا دیارە، ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکەمان کە دەکاتە ٣٨,٨٠٪ ژمارەی خێزان لە نێوان (٣ تا ٦ ) کەسدایە، هەروەها ئەگەر وردتر بچینە ناو مەسەلەکە دەبینین زێتر لە نیوەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە قەبارەی خێزانیان لە شەش کەس تێناپەڕێت. ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٣٠,٤٠٪ نموونەکە قەبارەی خێزان دەکەوێتە نێوان (٧- ٩) سەرخێزان. ڕێژەی ئەو خێزانانەش کە لە دە سەرخێزان و زێتر پێکهاتوون دەکاتە ١٦,٨٠٪، کە ئەمانە دەکرێ بە خێزانی گەورە ناو بنێین. ئەم ڕێژەیە زۆر نییە، ئەمەو بە بەراورد لەگەڵ خێزانی کوردی بەر لە ٣٠ ساڵ و زێتر دەبینین گۆڕانێکی ئەوتۆ لە قەبارەی خێزانی کوردیدا ڕووی نەداوە، هەروەك هەندێ سەرچاوەی دیکە ئاماژەی پێدەکەن.(*)

خشتەی (٤)

ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێك ڕووندەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١-٣ | ٣٥ | ١٤ |
| ٤-٦ | ٩٧ | ٣٨,٨٠ |
| ٧-٩ | ٧٦ | ٣٠,٤٠ |
| ١٠-١٢ | ٣٧ | ١٤,٨٠ |
| ١٣-١٥ | ٥ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

## ٥- ساڵی راگواستن:

خشتەی (٥) ساڵی راگواستنی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| ساڵی راگواستن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٩٧٥-١٩٧٩ | ١٦ | ٦,٤٠ |
| ١٩٨٠-١٩٨٤ | ٥ | ٢,٨٠ |
| ١٩٨٥-١٩٨٩ | ١١٦ | ٤٦,٤٠ |
| ١٩٩٠-١٩٩٤ | ٥٨ | ٢٣,٢٠ |
| ١٩٩٥-١٩٩٩ | ٥١ | ٢٠,٤٠ |
| ٢٠٠٠-٢٠٠٤ | ٤ | ١,٦٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

له خشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت، هەر لە ساڵی (١٩٧٥ )ەوە کە شۆڕشی کورد نسکۆی هێنابوو و کورد لەو پەڕی بێهێزی و بێ ئۆمێدیدا بوو تا رووخانی رژێمی بەعس کە خۆی لەوە پەڕی بێهێزیدابوو، لە هەموو ئەم ماوەیەدا (هەڵبەت پێشتریش)، ئەو رژێمە هیچ کاتێك وازی لە دەرکردنی کورد لە پارێزگای کەرکوك نەهێنا، بەڵکو راگواستنی ناعەرەبەکان لە پارێزگایەو نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنی ئەوان ستراتیژی ئەو حزبە بوو بەرامبەر ئەو پارێزگایە. زۆرترین ڕێژەی ئاوارەکان لە ماوەی نێوان ١٩٨٥-١٩٨٩ راگوێزراون، بە تایبەتیش کە شاڵاوی ئەنفال لە ماوەیەدا (١٩٨٧-١٩٨٨) پیادەکرا، واتە ڕێژەی ٤٦,٤٠٪ نموونەکەمان لەو ماوەیەدا ئاوارەبوونە. ڕێژەیەکی بەرزی دیکەش کە دەکاتە ٢٣,٢٠٪ لە ماوەی نێوان ١٩٩٠-١٩٩٤ راگوێزراون، ڕێژەیەکی بەرزی دیکەش لە ماوەی نێوان ١٩٩٥-١٩٩٩ راگوێزراون کە دەکاتە ڕێژەی ٢٠,٤٠٪ نموونەکە.

## ٦- شوێنی نیشتەجێبوون:

خشتەی (٦) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| ش. ن جاران / ش. ن ئێستا | ناو شاری کەرکوك | دەرەوەی شار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| بنەسڵاوە | ١٥<br>٪٥,١٨ | ٣٥<br>٪١٤ | ٥٠<br>٪٢٠ |
| دارەتوو | ٢٠<br>٪٨ | ٣٠<br>٪١٢ | ٥٠<br>٪٢٠ |
| چەمچەماڵ | ٤٢<br>٪١٦,٨٠ | ٨<br>٪٣,٢٠ | ٥٠<br>٪٢٠ |
| هەولێر | ٣٠<br>٪١٢ | ٢٠<br>٪٨ | ٥٠<br>٪٢٠ |
| سلێمانی | ٣٠<br>٪١٢ | ٢٠<br>٪٨ | ٥٠<br>٪٢٠ |
| **کۆی گشتی** | ١٦٣<br>٪١٨,٤٠ | ٦٦<br>٪٢٦,٤٠ | ٢٥٠<br>٪١٠٠ |

سەبارەت بەوەی کە ئایا نموونەکەی ئێمە نیشتەجێی چ شوێنێکە، هەروەها بۆچی ئەو شوێنانەمان هەڵبژاردووە؟ ئایا بە یەکسانی لە

شوێنی جیاواز وەرگیراون یاخود ڕێژەكانیان جیاوازن. دەركەوت لە خشتەی ژمارە (٦)دا نموونەكەمان، كە بە شێوەیەكی هەرەمەكی وەرگیراوە، لە پێنج شوێنی جیاواز(ناو شاری هەولێر، بنەسلاوە، دارەتوو، چەمچەمال، موعەسكەری سەلام و تۆپخانە) كە زۆرترین ڕێژەی ئاوارەكانی كەركوك لەو شوێنانە خڕبوونەتەوە.

ئایا زێتر خەڵكی ناو شاری كەركوكن یان دەرەوەی كەركوك، دەركەوت نموونەكەمان بە ڕێژەی ٥٥٪ خەڵكی ناو شاری كەركوكن و ڕێژەی ٤٥٪ خەڵكی قەزا و ناحیە و لادێكانی پارێزگای كەركوكن. هەروەها ئەگەر سەرنجی ڕێژەكان بدەین دەبینین ئەوانی لە قەزای دەشتی هەولێر (بنەسلاوە ) نیشتەجێن (٣٥ خێزان بەرامبەر ١٥ خێزان) و ناحیەی دارەتوو (٣٠ خێزان بەرامبەر ٢٠ خێزان) نیشتەجێبوون زێتر خەڵكی دەرەوەی شاری كەركوكن. خەڵكی ناو شاری كەركوك زێتر لە شاری هەولێر (٣٠ خێزان بەرامبەر ٢٠ ) موعەسكەر سەلام (تۆپخانە) (٣٠ خێزان بەرامبەر ٢٠) بە تایبەتی لە شاری چەمچەماڵ نیشتەجێبوونە (٤٢ خێزان بەرامبەر ٨ خێزان) هەروەك گوتمان بە شێوەیەكی هەرەمەكی وەرگیراون نەك بە مەبەست.

### ٧- چۆنیەتی نیشتەجێبوون:

سەبارەت بەوەی ئاوارەكانی كەركوك هەر خێزانە و لە خانوویەكی سەربەخۆدا و بەتەنیا دەژیت یان لەگەڵ خێزانێكی دیكە لە خانوویەكدا دەژیت یان هەر جۆرێكی دیكەی نیشتەجێبوون دەركەوت خشتەی ژمارە (٧) بەرزترین ڕێژەی نموونەكە كە دەكاتە ٧٢,٨٠٪ لە خانوویەكی سەربەخۆدا و بەتەنیا دەژیت. ڕێژەیەكی دیكەی خێزانەكانیش كە دیسان بەرزە و دەكاتە ٢٦٪ نموونەكەمان لەگەڵ خێزانێكی دیكە لە خانوویەكدا دەژین. ئەم ڕێژەیە (٢٦٪) ڕێژەیەكی بەرزە، ئەگەر ئەو خێزانەی لەگەڵی دەژیت برا یان ماڵی باوك بێت ئەوا ئاسایترە، بەلام ئەگەر خەڵكی دیكە بێت ئەوا شتێكی دیكەمان پێ دەڵێت.

خشتەی (٧)

چۆنیەتی نیشتەجێبوونی نموونەكە ڕووندەكاتەوە

| چۆنیەتی نیشتەجێبوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بە تەنیا | ١٨٢ | ٧٢,٨٠ |
| لەگەڵ خێزانێكی دیكە | ٦٥ | ٢٦ |
| جۆری دیكە | ٣ | ١,٢٠ |
| **كۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

### ٨- خاوەندارێتی خانوو:

سەبارەت بەوەی كە ئایا نموونەكەمان خاوەنی خانووی تایبەت بە خۆیانن یان كرێچین یاخود هەر جۆرێكی دیكە، دەركەوت (خشتەی ژمارە ٨) نموونەكە بە ڕێژەی ٦٠,٨٠٪ خاوەنی خانووی تایبەت بە خۆیانن. هەروەها بە ڕێژەی ١٦,٨٠٪ كرێچین، ئەو ڕێژەیەی دەمێنێتەوە، ڕێژەیەكی تاڕادەیەك بەرزە و دەكاتە ٢٢,٤٠٪ نە خانووی تایبەت بە خۆیان هەیە و نە كرێچین، پێدەچێ ئەوانە لە ناو خانووی حكومی یان بینایە حكومیەكاندا نیشتەجێ بن.

خشتەی (٨) خاوەندارێتی خانوو ڕووندەکاتەوە

| خاوەندارێتی خانوو | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هی خۆیەتی | ١٤٢ | ٥٦,٨٠ |
| کرێچی | ٥٤ | ٢١,٦٠ |
| جۆرێکی دیکە | ٥٤ | ٢١,٦٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

## ب- پرسیارە تایبەتییەکان:

### ١- باری ئابووری نموونەکە دوای گەڕانەوە:

لەبەر ئەوەی باری ئابووری کاریگەری هەیە لەسەر گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوك، حەزمان کرد بزانین ئەوان بەگەڕانەوەیان بۆ کەرکوك پێشبینی دەکەن باری ئابووریان بە چ ئاراستەیەکدا بگۆڕێت. هەر لەبەر ئەوەش لەو بارەوە پرسیار لە نموونەکە کرا. دەرکەوت (خشتەی ژمارە ٩)کە ڕێژەی ٣٥,٢٠٪ نموونەکەمان پێشبینی دەکەن باری ئابووریيان بەرەو باشتری بچێت. ڕێژەیەکی دیکەی نموونەکەمان بە ڕێژەی ٢١,٦٠٪ پێیوایە باری ئابوورییەکەی بەرەو خراپی دەچێت، ڕێژەیەکی دیکەش (٢١,٦٠٪) دەڵێن نازانین باری ئابوورمان بە چ ئاراستەیەکدا دەچێت.

بەڵام بەگشتی ئەمە نیشانەیەکی دڵخۆشکەرە کە ڕێژەیەکی تا ڕادەیەك زۆری نموونە پێیوابێت باری ئابووریان بەرەو باشی دەچێت، لە کاتێکدا ئەوانەی ئێستا باری ئابووریی خۆیان پێ باشە تەنیا ١٧,٢٠٪ نموونەکە پێکدێنن، واتە کەمتر لە نیوەی ئەوانەی پێشبینی باشتربوونی باری ئابووریی خۆیان دەکەن بە گەڕانەوەیان بۆ شوێنی جاران.

خشتەی (٩)

باری ئابووری نموونەکە ڕووندەکاتەوە دوای گەڕانەوە

| بە گەڕانەوە بۆ کەرکوك باری ئابووری ئێستا | باش دەبێت | خراپ دەبێت | نازانم چی لێدێت | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| باش | ١٣<br>٪٥,٢٠ | ١٤<br>٪٥,٦٠ | ١٦<br>٪٦,٤٠ | ٤٣<br>٪١٧,٢ |
| ناوەندی | ٤٩<br>٪١٩,٦ | ٣٤<br>٪١٣,٦ | ٦٤<br>٪٢٥,٦ | ١٤٧<br>٪٥٨,٨ |
| خراپ | ٢٦<br>٪١٠,٤ | ١٥<br>٪٦ | ١٩<br>٪٧,٦٠ | ٦٠<br>٪٢٤ |
| **کۆی گشتی** | ٨٨<br>٪٣٥,٢ | ٦٣<br>٪٢٥,٢ | ٩٩<br>٪٣٩,٦ | ٢٥٠<br>٪١٠٠ |

### ٢- شوێنی نیشتەجێی خزمەکان:

لەبەر ئەوەی لە ناو کورددا هێشتا هاوبەندی و هاوبەستەییەکی بەهێز لە نێو خزماندا هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین خزمەکان هەمیشە هەوڵدەدەن لەیەکتر نزیك بن، تا ئێستاش هەر وابووە. بۆیە لە پرسیارنامەکەدا لەوەمان پرسی. دەرکەوت هەرسێ ڕێژەکان لە یەکتر نزیکن، وەك لە خشتەی ژمارە (١٠) دیارە. بەڵام ڕێژەی ئەوانەی ئاوارەن و نەگەڕاونەتەوە لە ڕێژەکانی دیکە زێترە، واتە ٣٥,٢٠٪ بەرامبەر بە ٣١,٦٠٪ و ٣٣,٢٠٪. لەو

باوەڕەداین دیسان ئەمەش ئاماژەیەکی سلبییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنە بەعەرەبکراوەکان لە پارێزگای کەرکوك، چونکە خزم زیاتر لە کوێ بن خەڵکی ئێمە پێیخۆشە لەوێ نیشتەجێ بن و کەمتر ژیانی دوور لە خزمانیان پێ پەسەندە.

خشتەی (١٠)

شوێنی نیشتەجێی خزمەکانی نموونەکە ڕووندەکاتەوە

| خزمە نزیکەکانت زیاتر | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لە شاری کەرکوك و شوێنی جاران | ٧٩ | ٣١,٦٠ |
| ئاوارەن و گەڕاونەتەوە | ٨٣ | ٣٣,٢٠ |
| ئاوارەن و نەگەڕاونەتەوە | ٨٨ | ٣٥,٢٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

### ٣- گەڕانەوەی خزم:

خشتەی (١١)

گەڕانەوەی خزمەکان بۆ کەرکوك ڕووندەکاتەوە

| هیچ ئاوارەیەکی خزم و ناسیاوت گەڕاوەتەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦٠ | ٦٤ |
| نەخێر | ٩٠ | ٣٦ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

بە پێی خشتەی ژمارە ( ١١) دەرکەوت ٦٤٪ نموونەکەمان خزم و ناسیاوی ئاوارەیان گەڕاوەتەوە کەرکوك، بەبێ ئاماژەدان بە ژمارەی ئەو خزم و ناسیاوانە یاخود پلەی نزیکیان. ڕێژەیەکی دیکەش کە دەکاتە ٣٦٪ نموونەکە دەڵێت هیچ یەکێك لە خزم و ناسیاوەکانیان کە پێشتر ئاوارە بووە، نەگەڕاوەتەوە کەرکوك .

لە ڕاستیدا ئەم ڕێژەیە (٣٦) ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی یەکەم کەمە، بەڵام ئەگەر هەندێك لێی رابمێنین نەك تەنیا کەم نییە، بەڵکو مەترسیدارە، واتە خەڵکانێکی ئاوارەی کەرکوك هەن ( چ لەناو شار یان شارۆچکە و گوندەکان) هیچ یەکێکیان نەگەڕاوەتەوە، ئەمەش دەلالەت لەوە دەکات کە خەڵکێکی کەم گەڕاونەتەوە کەرکوك و شوێنەکانی جارانیان.

### ٤- باری ئارامی خزمە گەڕاوەکان:

خشتەی (١٢)

گەڕانەوەی خزمەکان بۆ کەرکوك ڕووندەکاتەوە

| باری ئارامی ئەو خزمانەی گەڕاونەتەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرەو خراپی چووە | ٢٥ | ١٥,٦٢ |
| بەرەو باشی چووە | ١١٨ | ٧٣,٧٥ |
| نەگۆڕاوە | ١٧ | ١٠,٦٣ |
| **کۆی گشتی** | ١٦٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ١٢) دەرکەوت لە کۆی ٢٥٠ کەس کە نموونەی لێکۆڵینەوەکەن، ١٦٠ کەس خزم و ناسیاویان گەڕاونەتەوە کەرکوك و شوێنی جارانیان. پێمانوایە ژیار (مەعیشەت) و باری ئاسایشی ئەوانەی گەڕاونەتەوە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە، هەر بۆیە جیگەی پرسیارێکمان لە پرسیارنامەکەدا لەو بارەوە کردەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت ڕێژەی ٧٣,٧٥٪ نموونەکەمان باری ئارامی و ئاسایشیان لە دوای گەڕانەوە بەرەو خراپی چووە. ئەمەش شتێکی دیار و نکۆڵی لێ نەکراوە. بێگومان ئەم بارەکاریگەرییەکی سلبی دەبێت لەسەر بڕیاری ئاوارەکانی کەرکوك بۆگەڕانەوە بۆ شوێنی جارانیان.

باری ئابووری گەڕاوەکانیش دیسان کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری خزم و ناسیاوەکانیان بۆ گەڕانەوە بۆ شاری کەرکوك.

باری ئابووری گەڕاوەکان جیاوازە لە باری ئارامی و ئاسایشیان، ئەویش نەك جیاوازییەکی زۆر ، چونکە ئەوانەی باری ئابوورییان بەرەوباشی چووە زێتر نین لەوانەی باری ئابوورییان بەرەو خراپی چووە (٢٤٪ بەرامبەر ٢٤٪) لە کاتێکدا بە ئەگەرێکی زۆرەوە ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە دوای داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاوە زۆریان باری ئابوورییان بەرەو باشی چووە. بۆیە دیسان ئەمەش کاریگەرییەکی سلبی هەیە لەسەر گەڕانەوەی ئاوارەکان، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی دیکە بیر لە مەسەلەکە بکرێتەوە.

## ٥- باری ئابووری خزمە گەڕاوەکان:

خشتەی (١٣)

باری ئابووری خزمە گەڕاوەکان ڕووندەکاتەوە

| باری ئابووری ئەو خزمانەی گەڕاونەتەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرەو باشی چووە | ٦٠ | ٣٧,٥ |
| بەرەو خراپی چووە | ٦٠ | ٣٧,٥ |
| نەگۆڕاوە | ٤٠ | ٢٥ |
| **کۆی گشتی** | ١٦٠ | ١٠٠ |

ڕاهاتنی ئاوارەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی دەشێ کاریگەریی هەبێت لەسەر گەڕانەوە بۆ شوێنە بەعەرەبکراوەکان. لەم سۆنگەیەوە پرسیارمان لەو بوارەوە لە نموونەکە کرد، دەرکەوت ( خشتەی ژمارە ١٤) ڕێژەیەکی هەرە بەرزی ئاوارەکان کە دەکاتە ٨٤,٤٠٪ لەگەڵ شوێنی ئێستایان بەتەواوی یاخود تاڕادەیەك ڕاهاتوون. هەروەها ئەوانەش کەبە تەمای گەڕانەوەن بۆ شاری کەرکوك ڕێژەیان دەکاتە ٨٩,٢٠٪، واتە ئەوانەی بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە کەرکوك لە هیچ بارودۆخێکدا، ڕێژەیان ١٠,٨٠٪ یە. ڕێژەی هەرە زۆری ئەوانەش کە ناگەڕێنەوە واتە ٧,٢٠٪ لەکۆی ١٠,٨٠٪ ئەوانەن کە لەشوێنی ئێستایان ڕاهاتوون. ئەوانەی کە ڕانەهاتوون لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا تەنیا سێ خێزان بە ڕێژەی ١,٢٠٪ بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە کەرکوك.

ئەوانەش رەنگە بارودۆخێکی تایبەتییان هەبێت یان یادەوەری ناخۆش ئەو بڕیارەی پێ دابن.

## ٦- راهاتن لەگەڵ شوێنی ئێستا:

سەبارەت بەوەی ئایا ئاوارەکانی کەرکوك بەتەمان رۆژێك لە رۆژان بەیەکجاری بگەڕێنەوە شاری کەرکوك یان لە بەر رەوشی نائارام، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەو شارە و دەوروبەریدا هاتن، یادگارییە ناخۆشەکانیان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعس، لە هەمووشی گرنگتر دوورکەوتنەوە و راهاتن لەگەڵ ژیانێکی نوێ، کاری نوێ ....هتد.

خشتەی (١٤) راهاتنی نموونەکە
لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا رووندەکاتەوە

| دەگەڕێیەوە کەرکوك / لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| تاڕادەیەك راهاتووم | ٩٤ ٣٧,٦٪ | ٦ ٢,٤٪ | ١٠٠ ٤٠٪ |
| رانەهاتووم | ٣٦ ١٤,٤٪ | ٣ ١,٢٪ | ٣٩ ١٥,٦٪ |
| راهاتووم | ٩٣ ٣٧,٢٪ | ١٨ ٧,٢٪ | ١١١ ٤٤,٤٪ |
| **کۆی گشتی** | ٢٢٣ ٨٩,٢٪ | ٢٧ ١٠,٨٪ | ٢٥٠ ١٠٠٪ |

دەرکەوت (خشتەی ژمارە ١٥) ویستی زۆربەی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە گەورەترە لە هەموو ئەو حاڵەتانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەڵگەش ئەوەیە کە رێژەی ٩٤,٤٠٪ نموونەکەمان بەتەمان رۆژێك بگەڕێنەوە شوێنی جارانیان لە پارێزگای کەرکوك. ئەوانەی بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە رێژەیەکی کەمن، کە تەنیا ٥,٦٠٪ نموونەکە پێکدەهێنن.

ئەم خشتەیە (ژمارە ١٥) گرێمانەی ژمارە (١)ی لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت، کە دەڵێت زۆربەی ئاوارەکانی کەرکوك بڕیاری گەڕانەوەیان بۆ کەرکوك داوە.

## ٧- دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوك:

خشتەی (١٥)
گەڕانەوەی نموونەکە بۆ شاری کەرکوك رووندەکاتەوە

| دەگەڕێنەوە کەرکوك | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣٦ | ٩٤,٤٠ |
| نەخێر | ١٤ | ٥,٦٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

## ٨- دەگەڕێنەوە بۆ شار لە بارودۆخی ئێستا:

خشتەی (١٦)
گەڕانەوەی نموونەکە بۆ شاری کەرکوك رووندەکاتەوە

| بارودۆخ بە شێوەی ئێستا بێت دەگەڕێنەوە | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣١ | ١٣,١٣ |
| نەخێر | ٢٠٥ | ٨٧,٨٧ |
| **کۆی گشتی** | ٢٣٦ | ١٠٠ |

ڕەوشی پارێزگـای کـەرکوك ڕەوشـێکی ئـاڵۆز و نائارامـــە، ڕاگواســـتنی کـــورد و تورکمـــان و نیشتەجێکردنی عەرەب لەو ناوچـانە لـە زۆر ڕووەوە سیمای ئەو پارێزگایەی گۆڕیوە، ئەم گۆڕانانـەش بـۆ خۆیـان بوونەتـە بەربەسـت لـە بـەردەم گەڕانـەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی جارانیان. لە بەر ئەوەو هەنـدێك کێشەی دیکە زۆربەی ئاوارەکان نـە لەگـەڵ ڕزگـاری کەرکوك و نـە دواتـریش نەگەڕانـەوە، بـەم ڕەوشـەی ئێستاش بێت چاوەڕێ ناکرێ وا بەئاسانی بگەڕێنەوە.

لە خشتەی ژمارە (١٦) دەرکەوت ٢٣٦ خێزان لە کۆی ٢٥٠ خێزانی ئاوارە، کە نموونـەی لێکۆڵینەوەکـە پێکـدێنن بەتـەمان بگەڕێنـەوە کـەرکوك (زوو یـان درەنگ)، شایانی باسە لە کۆی ئەو ٢٣٦ خێزانە تەنیا ٣١ خێزان بە ڕێژەی ١٣,١٣٪ لە سـەر گەڕانـەوە بـۆ کـەرکوك سـوورن تەنانـەت ئەگـەر ڕەوشـەکە هـیچ گۆڕانێکیشی بەسەردا نەیێت. لـە بەرامبـەردا ڕێـژەی ٨٦,٨٧٪ نموونەکە دەڵێن تا ڕەوشەکە نەگۆڕێت، بـەو مانایەی بەرەوباشی نەچێت، جا چ لە ڕووی ئـارامی و ئاسایشەوە بێت یاخود لە ڕووی دیمۆگرافی، سیاسـی و ...هتد، کـە لـە خـشتەی ژمـارە (١٧ ) ئامـاژە بـە مەرجەکان کـراوە ناگەڕێنـەوە ئـەو شـارە. هەڵبـەت نەگەڕانەوەی ئەوان لەم کاتەدا پاسـاوی خـۆی هەیـە و پاساوەکانیش لە جێی خۆیاندان.

### ٩- داواکاری بۆ گەڕانەوە:

هــەروەك لــە خــشتەی ژمــارە ( ١٦) بینیمــان ئەوانەی ئامادەنەبوون ئێستا بگەڕێنـەوە کـەرکوك و شوێنی جارانیان ڕێژەیەکی بەرزە. ئـەو خێزانانـە بـۆ ئــەوەی بگەڕێنــەوە هەنــدێك داواکاریــان هەیــە، هەروەك لە خـشتەی ژمـارە ( ١٧)دا دەردەکـەوێت.

بـەرزترین ڕێـژەی نموونەکـە کـە دەکاتـە ٣٤. ١٥٪ مەرجیان بۆ گەڕانەوە یان داواکارییان، دەکـرێ بڵـێین ئارامبوونەوەی بارودۆخ و قەرەبووکردنـەوەی داراییـە کە لە ئەنجامی ڕاگواستندا زیانیان پێ کەوتووە.

**خشتەی (١٧)**

داواکاری نموونەکە بۆ گەڕانەوە ڕووندەکاتەوە

| چی بکرێت دەگەڕێیەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخ | ١١ | ٥,٣٦ |
| دوای قەرەبووکردنەوەی دارایی | ١٩ | ٩,٢٦ |
| دوای گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان | ٢٦ | ١٢,٦٨ |
| دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخ و قەرەبووکردنەوەی دارایی | ٧٠ | ٣٤,١٥ |
| دوای گەڕاندنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ هەرێم | ٨ | ٣,٩٠ |
| دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخ و گەڕاندنەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان | ١٩ | ٩,٢٦ |
| دوای ئارامبوونەوەی بارودۆخ و گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان | ١٠ | ٤,٨٧ |
| دوای قەرەبووکردنەوەی دارایی و گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان | ١٤ | ٦,٨٢ |
| هەموو ئەوانەی سەرەوە | ٢٥ | ١٢,١٩ |
| بێ وەلام | ٣ | ١,٥٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٠٥ | ١٠٠ |

ڕێژەیەکی دیکـەی بـەرز کـە دەکاتـە ١٢,٦٨٪ نموونەکە تاکە داواکارییان بۆ گەڕانەوە، گەڕاندنـەوەی عەرەبە هاوردەکانە بۆ شوێنی جارانیـان. ڕێژەیـەکی دیکـــەی بـــەرزیش کـــە دەکاتـــە ٩,٢٦٪ ، ئارامبوونەوەی بارودۆخ و گەڕاندنەوەی کـەرکوك بـۆ سەر هەرێمی کوردستان بە کلیلی گەڕانەوەی خۆیـان بۆ کەرکوك لە قەڵەم دەدەن.

بەگشتی کاتێك سەیری داواکاری یان مەرجەکانی ئاوارەکانی کەرکوك دەکەین بـۆ گەڕانـەوە، دەبیـنین زۆربەیان بە جێبـەجیکردنی مـادەی ٥٨ لـە یاسـای دەوڵەت دێنەدی. واتە بە جێبەجێکردنی ئەو مادەیـە دەکرێ کێشەی گەڕاندنەوەی ئاوارەکـان تاڕادەیـەکی زۆر چارەسەر بکات. بە تایبـەتیش کاتێـك دەبیـنین نەك تەنیا داواکاری و مەرجـەکانیان واقعـین بـەڵکو ئەوانە هەموویان مافی خۆیانە.

**١٠- بڕیاردان بۆ گەڕانەوە:**

بە پێی خشتەی ژمارە ( ١٨)، زیّتر لـە نیـوەی نموونەکە، واتە ٥٤,٨٠٪ پێیوایە بڕیاردانی نموونەکـە بۆ گەڕانــەوە بـۆ کـەرکوك ئاسـان نییـە. ڕێژەیـەکی بەرزی دیکە کە دەکاتە ٣٦٪نموونەکە لەو باوەڕەدایە ئەو بڕیارە بەپێی خێزان دەگۆڕێت، واتە لـە هەنـدێك خێزاندا بڕیاری گەڕانەوە بە ئاسانی دەدرێت، کەچـی لە هەندێك خێزانی ئاوارەی دیکەدا بڕیـاردان ئاسـان نییە بەڵکو قورسە.

ئەو ڕێژەیەی لەو باوەڕەدایـە بڕیـاردانی خێزانـە ئاوارەکان بۆ گەڕانەوە ئاسانە، ڕێژەیەکی زۆر کـەمی نموونەکــە پێکــدەهێنێت، کــە دەکاتــە ٩,٢٠٪. هەروەها تێبینی دەکرێت بڕیاردان لەو خێزانانەی کـە ئاستی خوێندنی سەرپەرشتیاری خێزان لە ئامـادەیی بـــەرەو ســـەرەوەیە ئاســـانە، هەرچـــەند ئاســـتی خوێنـدەواری بـەرزتر بێـت بڕیـاردان ئاسـانترە، بـە دەربڕینێکـی دیکـە لـەو خێزانانـەدا کـە ئاسـتی خوێندەواری سەرپەرشتیاری خێزان نزمە بڕیـاردانیش بۆ گەڕانەوە ئاسان نییە.

**خشتەی (١٨)**

داواکاری نموونەکە بۆ گەڕانەوە ڕووندەکاتەوە

| بڕیار بۆ گەڕانەوە / ئاستی خوێندەواری | ئاسانە | ئاسان نییە | بە پێی خێزان دەگۆڕێت | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٧<br>٢,٨٪ | ٤٧<br>١٨,٨٪ | ٢٩<br>١١,٦٪ | ٨٣<br>٣٣,٢٪ |
| دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | ٤<br>١,٦٪ | ٢٣<br>٩,٢٪ | ٤<br>١,٦٪ | ٤٠<br>١٦٪ |
| سەرەتایی | ٥<br>٢٪ | ٢٧<br>١٠,٨٪ | ١٦<br>٦,٤٪ | ٤٨<br>١٩,٢٪ |
| ناوەندی | ٣<br>١,٢٪ | ٢٠<br>٨٪ | ٨<br>٣,٢٪ | ٣١<br>١٢,٤٪ |
| ئامادەیی | ٢<br>٨٠٪ | ٩<br>٣,٦٪ | ٩<br>٣,٦٪ | ٢٠<br>٨٪ |
| پەیمانگا | ٢<br>٨٠٪ | ٦<br>٢,٤٪ | ٨<br>٣,٢٪ | ١٦<br>٦,٤٪ |
| زانکۆ | ٠<br>٠٪ | ٥<br>٢٪ | ٧<br>٢,٨٪ | ١٢<br>٤,٨٪ |
| کۆی گشتی | ٢٣<br>٩,٢٪ | ١٣٧<br>54.8٪ | ٩١<br>٣٦٪ | ٢٥٠<br>١٠٠٪ |

خشتەکانی ژمارە ١٧ و ١٨ گریمانەی ژمارە (٢) لێکۆڵینەوەکــە دەســەلمێنێت، کاتێــك دەڵێــت:

گرفتەكانی بەردەم گەڕانەوەی ئاوارەكـان بـۆ شـوێنی نیشتەجێبوونی جارانیان فرەجۆرن.

**١١- پێویستی گەڕانەوەی ئاوارەكان:**

بە هۆی نیشتەجێكردنی عەرەبە هاوردەكـان لـە شوێنی نەتەوەكانی دیكە لە پارێزگای كـەركوك (بـە تایبەتی كورد) بۆمەبەستی سیاسی، باری دیمۆگرافی ئەو شـوێنانە گـۆڕاوە. ئـەوەش كاریگـەری هـەبووە لەسەر زۆر لایەنی ژیانی كۆمەڵایەتی لـەو ناوچـانە، جگــە لــە ئاكامــە سیاســییەكانی، كــە گەڕانــەوەی ئاوارەكـــان ڕەنگـــە ڕەوشـــەكە بەتـــەواوی بگـۆڕێـت. پێمانوایــە لەبــەر ئەوەشــە ڕێژەیــەكی زۆر بــەرزی ئاوارەكان، كە ڕێژەیان دەكاتـە ٩٦,٨٠٪ پێیانوایـە گەڕانەوەی كورد بۆ شوێنەكانی جارانیان لە پارێزگای كەركوك پێویستە. ئەوانەی گەڕانەوەی كورد بۆ ئـەو شـــوێنانە بـــە پێویـــست نـــازانن ڕێژەیـــەكی كـــەم پێكدەهێنن كە دەكاتە ٣,٢٠.

خشتەی (١٩)

داواكاری نموونەكە بۆ گەڕانەوە ڕووندەكاتەوە

| گەڕانەوەی ئاوارەكان بۆ كەركوك | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پێویستە | ٢٤٢ | ٩٦,٨٠ |
| پێویست نییە | ٨ | ٣,٢٠ |
| **كۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

**١٢- هۆكاری پێویستی گەڕانەوە:**

خشتەی (٢٠)

پێویستی نموونەكە بۆ گەڕانەوە ڕووندەكاتەوە

| پێویستە كورد بگەڕێنەوە كەركوك | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پارێزگاری لە ناسنامەی كوردانەی كەركوك | ٨٤ | ٣٤,٧٢ |
| بۆ ئیسباتی بوونی كورد لەو شارە | ١٧ | ٧,٠٣ |
| چونكە شارێكی كوردییە | ١٣٤ | ٥٥,٣٧ |
| بە گەڕانەوەیان ئارامی بەرقەرار دەبێت | ٣ | ١,٢٣ |
| بێ وەڵام | ٤ | ١,٦٥ |
| **كۆی گشتی** | ٢٤٢ | ١٠٠ |

هەروەك پێـشتر بینیمـان ڕێژەیـەكی زۆر بـەرزی نموونەكە نەك تـەنیا لەگـەڵ گەڕانـەوەی ئاوارەكـانی كەركوك بوون بۆ ئەو شارە، بـەڵكو گەڕانـەوەیان بـە پێویـــستییەك دەبینـــی. پاساویـــشیان بـــۆ ئـــەو پێویـستییە، یـەك پاسـاو نـەبوو، بـەڵكو پاسـاوی جیاوازیان هەیە بـە ڕێـژەی جیـاواز. ئەوانـەی هـیچ پاسـاوێكیان نییـە یـان گوزارشـتیان لـە پاسـاوەكە نـەكردووە تـەنیا ٤ خێـزانن، كـە ڕێـژەیان دەكاتـە ١,٢٣٪. لە كاتێكدا ڕێژەیەكی زۆر بەرزی نموونەكـە پاساوی ئەو بۆچـوونەیان بـە كوردبـوونی ئـەو شـارە دەدەنەوە، كە پێیانوایە كەركوك شـارێكی كوردییـە (ڕەنگــە ئــەوان جیــاوازی لــە نێــوان كوردبــوون و

کوردستانیبووندا نەکەن) ڕێژەیەکی بەرزی دیکەش، کە دەکاتە ٤١,٧٥٪ نموونەکە پاساوەکەیان ئەوەیە کە کەرکوك خەریکە ناسنامە کوردییەکەی لە دەست دەدات، یاخود بەگوتەی هەندێکی دیکە، چونکە کورد لەوێ کەمکراونەتەوە ناتوانن بوونی کورد لەو شارەدا وەکو پێویست بسەلمێنن، لەبەر ئەو دوو هۆیەی سەرەوە دەبێت کوردەکان کە ئاوارە کراون بگەڕێنەوە ئەو شارە، بە گەڕانەوەشیان هەم کەرکوك ناسنامەکەی وەردەگرێتەوە، هەمیش بوونی کورد وەك پێویست لەوێ دیار دەبێت.

## ١٣- پێویستی گەڕاندنەوەی هاوردەکان:

خشتەی (٢١) بۆچوونی نموونەکە

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی هاوردەکان ڕووندەکاتەوە

| گەڕانەوەی هاوردەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پێویستە | ٢٢١ | ٨٨,٤٠ |
| تاڕادەیەك پێویستە | ٢٣ | ٩,٢٠ |
| پێویست نییە | ٦ | ٢,٤٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

سەبارەت بەوەی کە ئایا گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکان بە پێویست دەزانن، دەرکەوت (خشتەی ژمارە ٢١ )، ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٨٨,٤٠٪ دەڵێن پێویستە عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنەوە شوێنی جارانیان. ڕێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ٩,٢٠٪ دەڵێن گەڕانەوەیان تاڕادەیەك پێویستە. ئەوانەی گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بە پێویست نازانن ڕێژەیەکی زۆر کەمن، کەمتر لەو کوردە کەرکوکییە ئاوارانەی بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە شاری کەرکوك، کە تەنیا ڕێژەی ٢,٤٠٪ نموونەکە پێکدەهێنن.

خشتەی ژمارە (٢١) گریمانەی ژمارە (٤) لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت، کە دەڵێت: ئاوارەکانی کەرکوك لەو باوەڕەدان دەبێت عەرەبە هاوردەکان، پارێزگای کەرکوك جێ بهێڵن.

## ١٤- هۆی گەڕاندنەوەی هاوردەکان:

لە خشتەی ژمارە (٢١) بینیمان ڕێژەیەکی زۆر کەمی نموونەکە گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان لە شاری کەرکوك بە پێویست نازانن. ڕێژە هەرە بەرزەکە بە پێویستی دەزانێت. ئەوانیش هەموویان یەك پاساویان نییە، بەڵکو پاساوەکان جیاوازن هەروەك لە خشتەی ژمارە ( ٢٢) دا دەردەکەوێت، زۆرترین ڕێژە کە دەکاتە ٣٢,٤٠٪ نموونەکە، پێویستی گەڕاندنەوەی هاوردەکان بەوە پاساو دەدەنەوە کە شاری کەرکوك شوێنی ئەوان نییە، بەڵکو هاتوون بۆ ئەوێ یان لەوێ نیشتەجێکراون. ڕێژەیەکی بەرزی دیکە کە دەکاتە ٢٦,٦٠٪ هەڵوێستیان توندترە و پێیانوایە هاوردەکان نەك تەنیا لەوێ نیشتەجێکراون، بەڵکو بۆ خۆیان شارەکەیان داگیر کردووە و، هاوردەکان بە داگیرکەر ناودەبەن. ڕێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ٢٤,٦٠٪ پاساوی گەڕاندنەوەی هاوردەکان بەوە لێکدەدەنەوە

کە بە گەڕانەوەیان شاری کەرکوك ئارام دەبێتەوە و ئاسایش بەرقەرار دەبێت. بەو مانایەی هاوردەکان سەرچاوەی نائارامین و ئاسایشی شارەکەیان تێکداوە.

ڕێژەیەکی دیکەش کە لە ڕێژەکانی سەرەوە کەمترە، پێیوایە دەبێت هاوردەکان بگەڕێنەوە، چونکە شاری کەرکوك شارێکی کوردییە و نابێت ناسنامە کوردانەکەی لێ بسێنرێتەوە.

خشتەی (٢٢) بۆچوونی نموونەکە

سەبارەت هۆی گەڕاندنەوەی هاوردەکان ڕووندەکاتەوە

| پێویستە عەرەب بگەڕێنەوە | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| چونکە شارێکی کوردییە | ٤٠ | ١٦ |
| چونکە شوێنی ئەوان نییە | ٧٩ | ٣٢,٤ |
| چونکە داگیرکەرن | ٦٥ | ٢٦,٦ |
| بە گەڕانەوەیان ئارامی بەرقەرار دەبێت | ٦٠ | ٢٤ |
| کۆی گشتی | ٢٥٠ | ١٠٠ |

## ١٥- ژیان لەگەڵ هاوردەکان:

کێشەی عەرەبە هاوردەکان وێرای ئەوەی کێشەیەکی سیاسییە، لە بنەڕەتدا کێشەیەکی کۆمەلایەتی و کولتووریشە. دیارە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئەوانیش بگەڕێنەوە شوێنی جاران. ئاوارەکانی کەرکوکیش وەکو شتێکی نامۆ سەیری ئەو عەرەبە هاوردانە دەکەن، پێیانوایە ژیان لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان ئاسان نییە.

خشتەی (٢٣) بۆچوونی نموونەکە سەبارەت

بە ژیان لەگەڵ گەڕاندنەوەی هاوردەکان ڕوونده‌کاتەوە

| لەگەڵ هاوردەکان / شوێنی جاران | ژیان ئاسانە | ژیان زەحمەتە | ژیان مومکین نییە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ناو شاری کەرکوك | ١١<br>٤,٤٪ | ٨١<br>٣٢,٤٪ | ٤٥<br>١٨,٦٪ | ١٣٧<br>٥٤,٨٪ |
| دەرەوەی شاری کەرکوك | ٣<br>١,٢٪ | ٨٥<br>٣٤٪ | ٢٥<br>١٠٪ | ١١٣<br>٤٥,٢٪ |
| کۆی گشتی | ١٤<br>٥,٦٪ | ١٦٦<br>٦٦,٤٪ | ٧٠<br>٢٨٪ | ٢٥٠<br>١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە ( ٢٣) بۆچوونی کەرکوکییەکان (دەرەوەی شارو ناو شار) پیشاندەدات. دەرکەوت تەنیا ٥,٦٠٪ ژیان لەگەڵ ئەو عەرەبە هاوردانە لە ناوچە بەعەرەبکراوەکاندا بە ئاسان دەبینن، ئەوانەی دیکە ٩٤,٤٠٪ بە پێچەوانەی ئەم گروپە کەمە بیردەکەنەوە. لەوانەش ٦٦,٤٠٪ کە زۆرترین ڕێژەیە دەڵێت ژیان لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان زەحمەتە، لە کاتێکدا ڕێژەیەکی دیکە کە دەکاتە ٢٨٪ بەتەواوی ڕەفزی ژیان لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان دەکەنەوە، لەوباوەڕەدان ژیان لەگەڵ ئەو عەرەبە هاوردانە مومکین نییە. دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین ئەوانەی پێیانوایە ژیان لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان ئاسانە، خەڵکی ناو شاری کەرکوکن. نەك دەرەوەی شار، واتە لە کۆی ٥,٦٠٪ ، ٤,٤٠٪ خەڵکی ناو شارن.

## ١٦- پێداویستی بۆ گەڕانەوە:

خشتەی (٢٤) بۆچوونی نموونەکە
سەبارەت بە پێداویستی بۆ گەڕانەوە ڕووندەکاتەوە

| چی بکرێت بۆ ئەوانەی دەگەڕێنەوە | ژمارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەرقەرارکردنی ئاسایش، قەرەبووی دارایی، بەخشینی زەوی | ٧١ | ٢٨,٦٠ |
| خانوویان بۆ بکرێت، قەرەبووی دارایی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری | ١٦ | ٦,٤٠ |
| بەخشینی زەوی، دامەزراندن، قەرەبووی دارایی | ٣٥ | ١٤ |
| قەرەبووی دارایی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری | ٦ | ٢,٤٠ |
| خانوویان بۆ بکرێت، قەرەبووی دارایی، | ٧٦ | ٣٠,٤٠ |
| بەخشینی زەوی، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری | ١٤ | ٥,٦٠ |
| خانوویان بۆ بکرێت، هاوردەکان بگەڕێنرێنەوە | ٢٦ | ١٠,٤٠ |
| بێ وەڵام | ٦ | ٢,٤٠ |
| **کۆی گشتی** | ٢٥٠ | ١٠٠ |

ئاوارەکانی کەرکوك لەگەڵ ئاوارەکردنیان چ ئەوانەی ناو شاری کەرکوك یان ئەوانەی دەرەوەی شار، هەموو شتێکی خۆیان لە دەستداوە: ماڵ، خانوو، زەوی و وەزیفە...هتد.ئەم ئاوارانە پێویستە قەرەبوو بکرێنەوە، نابێت تەنیا هانبدرێن بۆ گەڕانەوە، چونکە ئەگەر مەبەستی دەسەڵاتی کوردی گەڕاندنەوەی ئەوان بێت، هاندان نەك تاکە ڕێگە نییە، بەڵکو هۆکارێکی کاریگەریش نییە، چونکە ئەوانەی ئامادەیی گەڕانەوەیان تێدا نییە دەگمەنن، ئەوانی دیکە هەموویان پەرۆشی گەڕانەوەن و ئامادەن، بارودۆخەکە گونجاو نییە، جا چ هەلومەرجی ئاسایش بێت یان ئابووری یان هەر هەلومەرجێکی دیکە.

بۆ ئەوەی ئەوان بگەڕێنرێنەوە مافی خۆیانە قەرەبوو بکرێنەوە لە هەموو لایەنێکەوە، بە پێویستمان زانی،لە نموونەکە بپرسین بزانین ئەوان داواکارییان چییە بۆ گەڕانەوە، دەرکەوت داواکارییەکانیان جیاوازن وەك لە خشتەی ژمارە (٢٤ ) دیارە. بەرزترین ڕێژەی نموونەکە (کە دەکاتە ٣٠,٤٠٪ داوا دەکەن خانوویان بۆ بکرێت لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی دارایی، دووەم ڕێژەی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٢٨,٤٠٪ داوا دەکەن ئاسایش بەرقەرار بکرێت، قەرەبووی دارایی بکرێن و زەوییان پێ بدرێت.ڕێژەیەکی بەرزی دیکە کە دەکاتە ١٤٪ نموونەکە داوا دەکەن زەوییان پێ بدرێت، قەرەبووی دارایی بکرێنەوە و دایانمەزرێنن. ئەم سێ ڕێژەیە زیاتر لە ٧٠٪ نموونەکە پێکدەهێنن کە زۆرینەن و هەروەك تێبینیمان کرد داواکارییەکانییان رەوان و ئاسانن، بۆیە پێویستە کاریان بۆ بکرێت.

خشتەی ژمارە (٢٤) گریمانەی ژمارە (٣) لێکۆڵینەوەکە دەسەلمێنێت، کە دەڵێت: ئاوارەکانی کەرکوك داواکاری و چاوەڕوانییان لە دەسەڵاتی نوێی عێراق هەیە.

### ٧- هیوا به دەسەڵاتی کوردی:

خشتەی ( ٢٥ )

هیوای نموونەکە بە دەسەڵاتی کوردی ڕووندەکاتەوە

| هیوام بە / شوێنی نیشتەجێبوون | دەسەڵاتی کوردی زۆرە | دەسەڵاتی کوردی کەمە | دەسەڵاتی کوردی نییە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| بنەسلاوە | ٤٥ %١٨ | ٤ %١,٦٠ | ١ %٠,٤٠ | ٥٠ %٢٠ |
| دارەتوو | ٤٤ %١٧,٦٠ | ٤ %١,٦٠ | ٢ %٠,٨٠ | ٥٠ %٢٠ |
| چەمچەمال | ٣٤ %١٣,٦٠ | ١٤ %٥,٦٠ | ٢ %٠,٨٠ | ٥٠ %٢٠ |
| هەولێر | ١٣ %٥,٢٠ | ٢٦ %١٠,٤ | ١١ %٤,٤٠ | ٥٠ %٢٠ |
| سلێمانی | ٢٧ %١٠,٨٠ | ١٨ %٧,٢٠ | ٥ %٢ | ٥٠ %٢٠ |
| کۆی گشتی | ١٦٣ ٦٥,٢٠ | ٦٦ ٢٦,٤٠ % | ٢١ %٨,٤٠ | ٢٥٠ %١٠٠ |

ئایندەی کەرکوك بەوەی دەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوەی سنووری هەرێم دەبێت نەك تەنیا جێی نیگەرانی کەرکوکییەکانە، بەڵکو جێی نیگەرانی زۆربەی خەڵکی کوردستانە. دەسەڵاتی کوردی لە بۆنە جیاوازەکاندا جەخت لەسەر گەڕاندنەوەی پارێزگای کەرکوك دەکات بۆ سەر خاکی کوردستان. بەڵام ئایا دەسەڵاتی کوردی چەندە دەتوانێت ئەم کارە بکات، ئەمە پەیوەستە بە کۆمەڵێك شتی دیکەوە.

سەبارەت بەوەی ئاوارەکان چەندە هیوایان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە لە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەرکەوت ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکەمان کە دەکاتە ٦٥,٢٠٪ هیوایەکی زۆریان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە. ڕێژەیەکی دیکەی نموونەکەمان کە دەکاتە ٢٦,٤٠٪ هیوایەکی کەمیان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە، لەکاتێکدا نموونەکەمان بە ڕێژەی ٨,٤٠٪ هیچ هیوایەکی بە دەسەڵاتی کوردی نییە.

ئەو ئاوارانەی لەناو شاری هەولێر نیشتەجێن، لە ئاوارە نیشتەجێکانی شوێنەکانی دیکەی کوردستان زۆر کەمتر هیوایان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە. لە بەرامبەریشدا ئاوارەکانی دانیشتووی هەردوو شارۆچکەی بنەسلاوە و دارەتوو زۆرترین هیوایان بە دەسەڵاتی کوردی هەیە لە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

### ١٨- دەسەڵاتی کوردی ئەرکی خۆی بینیوە:

کەرکوکییە ڕاگوێزراوەکان تەنیا لە بەر ئەوەی کە عەرەب نەبوون ئاوارەبیان بینی، ئاوارەیش خەم و ناخوشی خۆی هەیە تەنانەت ئەگەر لە وڵات و نەتەوەی خۆشت دوورنەکەویەوە. لە بەر ئەوەی کەرکوکییەکان لە بەر کوردبوون ئاوارە کراون و لە ژیانی ئاسایی و هەڵبژاردەی خۆیان بێبەشکراون ئەرکیان هەیە لەسەر دەسەڵاتی کوردی، یان خۆیان بە خاوەن ئەرك دەزانن.

### خشتەی (٢٦)

بیروڕای نموونەکە سەبارەت بەوەی کە دەسەڵاتی کوردی بە ئەرکی خۆی هەستاوە لە بەرامبەر کەرکوک

| دەسەڵاتی کوردی / شوێنی نیشتەجێبوون | ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە | ئەرکی خۆی جێبەجێ نەکردووە | تا رادەیەك بەجێی گەیاندووە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| بنەسلاوە | ١٧<br>٦,٨٠٪ | ٢٧<br>١٠,٨٠٪ | ٦<br>٢,٤٠٪ | ٥٠<br>٢٠٪ |
| دارەتوو | ١٢<br>٤,٨٠٪ | ٢٠<br>٨٪ | ١٨<br>٧,٢٠٪ | ٥٠<br>٢٠٪ |
| چەمچەماڵ | ١١<br>٤,٤٠٪ | ١٧<br>٦,٨٠٪ | ٢٢<br>٨,٨٠٪ | ٥٠<br>٢٠٪ |
| هەولێر | ٢<br>٠,٨٠٪ | ٢٨<br>١١,٢٠٪ | ٢٠<br>٨٪ | ٥٠<br>٢٠٪ |
| سلێمانی | ٤<br>١,٦٠٪ | ٢٤<br>٩,٦٠٪ | ٢٢<br>٨,٨٠٪ | ٥٠<br>٢٠٪ |
| **کۆی گشتی** | ٤٦<br>١٨,٤٠٪ | ١١٦<br>٤٦,٤٠٪ | ٨٨<br>٣٥,٢٠٪ | ٢٥٠<br>١٠٠٪ |

لە خشتەی ژمارە ( ٢٦) دەردەکەوێت ڕێژەیەکی کەمی ئاوارەکانی کەرکوك کە دەکاتە ١٨,٤٠٪ لەو باوەڕەدان دەسەڵاتی کوردی بە ئەرکی خۆی هەستاوە لە بەرامبەریان. ڕێژەیەکی دیکەش کە تاڕادەیەك بەرزە پێیوایە دەسەڵاتی کوردی تاڕادەیەك بە ئەرکی خۆی هەستاوە. بەڵام ڕێژەیەکی بەرز کە دەکاتە ٤٦,٤٠٪ لەو باوەڕەدان دەسەڵاتی کوردی لە بەرامبەر ئاوارەکانی کەرکوك کەمتەرخەمە و بە ئەرکی سەرشانی هەڵنەستاوە. لە ڕاستیدا زۆرتر ئەو ئاوارانەی لە دوو شاری هەولێر و سلێمانی نیشتەجێبوون پێیانوایە حکومەت زۆر کەم تەرخەمە.

## ئەنجامەکان

باسی کۆمەڵایەتی کاتێك سەرکەوتووە کە گەیشتبێتە هەندێك ئەنجام، ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێمەش بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە. پێمانوایە دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت لە پرۆسەی نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوك لەو پارێزگایە.

**گرنگترین ئەنجامەکانی ئەمانەن:**

١- ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەکە پێشبینی ناکەن بە گەڕانەوەیان بۆ کەرکوك باری ئابووریان بەرەو باشتر بچێت، بە دیویکی دیکەشدا نموونەکەمان بە ڕێژەی ٧,٥٪ ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو خزم و ناسیاوانەی گەڕاونەتەوە کەرکوك باری ئابووریان بەرەو خراپی چووە. ئەمەش دەکرێ بە گرفتێك لەقەڵەم بدەین.

٢- ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەکە کە دەکاتە ٣٦٪ ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ خزم و ناسیاوێکی ئاوارەیان نەگەڕاوەتەوە کەرکوك، ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەشەوە نموونەکەمان بە ڕێژەی ٣٥,٢٠٪ دەڵێن خزمەکانمان زێتر ئاوارەن و نەگەڕاونەتەوە کەرکوك، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هاوبەندییە خزمایەتییەی لە کۆمەڵگاکەماندا زاڵەو خۆبەستنەوەی خەڵکی ئێمە بە خزم و نزیکەکانییانەوە، دەکرێ ئەمەش بە گرفتێك دابنرێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان.

٣- نموونەکەمان بە ڕێژەی ٧٣,٧٥٪ لەو باوەڕەدان باری ئارامی و ئاسایشی خزم و ناسیاوەکانیان کە پێشتر ئاوارە بوون و ئێستا گەڕاونەتەوە کەرکوك، بەرەو خراپی چووە. ناسەقامگیری و نەبوونی ئاسایش بۆخۆی گرفتێکی دیکەیە لەسەر ڕێی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ پارێزگای کەرکوك.

٤- ڕاهاتن لە شوێنی نییشتەجێ بوونی ئێستاو گونجانیان لەگەڵ دراوسێ و گەڕەکی نوێ ڕەنگە بڕیاری گەڕانەوە قورستر بکات. ئەوانەی دەڵێن لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا ڕانەهاتووین تەنیا لە ١٥,٦٠٪ی نموونەکە پێکدەهێنن.

٥- ڕێژەیەکی بەرزی نموونەکە کە دەکاتە ٩٤,٤٠٪ ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ شوێنی جارانییان لە پارێزگای کەرکوك هەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ڕێژەیکی کەم ئامادەن لەم بارودۆخەی ئێستادا بگەڕێنەوە کەرکوك، واتە ئەوانەی

ئامادەیی گەڕانەوەیان هەیە لـەم بارودۆخـەدا تـەنیا ڕێـژەی ١٣,١٣٪ نموونەکەیە لە بەرامبەر ٨٧,٨٧٪ کە دەڵێن بـەم ڕەوشەی ئێستا ناگەڕێینەوە.

٦- ئاوارەکان بە گشتی بۆ گەڕانەوە چاوەڕێ دەکەن بارودۆخ ئارام ببێتـــەوە، عـەرەبـــە هاوردەکـــان بگەڕێنرێنـــەوە، ناوچـــە بەعەرەبکراوەکان بگەڕێنرێنەوە سەر هـەرێمی کوردسـتان و قەرەبووی دارایی بکرێن. واتە جێبەجێ نەکردنی خاڵـەکانی سەرەوە کۆسپ و تەگەرەی گەورەن لەسـەر ڕێـی گەڕانـەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی جارانیان لە پارێزگای کەرکوك.

٧- ئاوارەکان بەئاوارەبوونیان زیانی گەورەیان بەرکەتووە، چاوەڕێ دەکـەن بـە گەڕانـەوەیان بـۆ کـەرکوك ئـەو زیانانـەیان بـۆ ببژێردرێتەوە. قەرەبووکردنەوەکەش بە بڕوای ئەوان خۆی لەم داواکارییانـــەدا دەبینێتـــەوە: قەرەبووکردنـــەوەی دارایـــی، دروســـتکردنی خـــانوو یـــان بەخـــشینی زەوی پێیـــان، پێـــشکەشکردنی خزمـــەتگوزاری، دامەزرانـــدن ... هتـــد. ئاوارەکان بە ڕێژەی جیاواز ئەم داواکارییانەیان هەیە.

٨- ڕێژەیەکی هەرە بەرزی نموونەکەمان کە دەکاتە ٩٦,٨٠٪ لـە بـاوەڕەدان کـە پێویـستە ئاوارەکـان بگەڕێنـەوە کـەرکوك، ئەوانەی گەڕانەوە بە پێویست نازانن ڕێـژەی تـەنیا ٣,٢٠٪ پێکدەهێنن. ئەوانە گەڕانەوەی هاوردەکـانیش بـە پێویـست نازانن ڕێژەیەکی کەمترە کـە دەکاتـە ٢,٤٠٪ی نموونەکـە. ئەمە لە کاتێکدایە کە تەنیا ٩,٢٠٪ی نموونەکە پێـی وایـە بڕیاردان بۆ گەڕانەوە ئاسانە. زیاتر لە نیوەی نموونەکـە ئـەو بڕیارە بە قورس دەزانن.

٩- موونەکمان بە ڕێـژەی ٤٦,٤٠٪ لـە باوەڕەدایـە دەسـەڵاتی سیاسی کوردستان بە ئەرکی خۆی هەڵنەستاوە لە بەرامبـەر کەرکوك و کەرکوکییـەکان. ئـەو ڕێژەیـەی بـە دڵنیاییـەوە پێیوایە دەسەڵاتی کوردستان ئەو ئەرکەی ڕاپەراندووە تـەنیا ١٨,٤٠٪ی نموونەکە پێکدەهێنێت.

١٠- بـە پێـچەوانەی ئـەم خاڵـەی سـەرەوە، ڕێژەیـەکی بـەرزی نموونەکـە کـە دەکاتـە ٥٥,٢٠٪ هیوایـان بـە دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردسـتان هەیـە لـە چارەسـەرکردنی کێـشەی کەرکوك. ئەوانەی هیوایان بە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان نییە لە چارەسەرکردنی کێـشەی کـەرکوك تـەنیا ٨,٤٠٪ی نموونەکە پێکدەهێنن.

**ڕاسپاردەکان**

دوای وردبوونەوە لە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بەپێویـست دەزانین ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

١- بەردەوامیـدان بـە کـۆنفرانس و سـیمنار لـە بـوارە جیاوازەکاندا، بەجۆرێك کە زێتر تایبەتمەند و پسپۆڕییانە بن.

٢- هەوڵدان بۆ چەسپاندنی مافەکانی تورکمان، عـەرەب و کلدوئاشوور لە ناو دەستووری هەرێمی کوردستاندا، بەجۆرێك کـە ڕەچـاوی مـافی کەمینـەکان بکرێـت بـەپێی یاسـا نێودەوڵەتییەکان.

٣- قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان لە ڕووی دارایی، زەوی و خانووبەرە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، دامەزراندن ...هتـد. بەئاوارەبوون ئەوان بوون بە قوربانی، نابێت بە گەڕانـەوەش هـەر قوربانی بن. پێویستە دەسەڵاتی کوردستان لە ئاست چـاوەڕوانی کەرکوکییەکاندا بێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك.

٤- کارکردنی جیـدی بـۆ جێبـەجێکردنی مـادەی ٥٨ یاسای ئیدارەی دەوڵـەت، کـە بـووە بـە مادەیـەکی دەسـتووری هەمیشەیی وڵات.

٥- هەوڵدان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عەرەبە هاوردەکان بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئیعتیباری مرۆییدا بگونجێت، کاربکرێت بـۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان و بەتەواوی قەرەبووبکرێنەوە.

٦- هەوڵدان بۆ بەرقـەرارکردنی ئـارامی و ئاسـایش لـە شـاری کـەرکوك، چـونکە ناسـەقامگیری و نـەبوونی ئاسـایش تەگەرەیەکی گەورەیە لەبەردەم گەڕاندنـەوەی ئاوارەکـان بـۆ ئـەو شارە.